تەموویلی مووچەکانی مانگی ئادار خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم



تەموویلی مووچەی مانگی ئادار خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە 26ـی ئادار، بڕی 954،880،476،779 نۆ سەدو پەنجاو چوار ملیار و هەشت سەدو هەشتا ملیۆن و چوار سەدو شەست و حەوت هەزارو حەوت سەدو حەفتاو نۆ دینار وەک تەموویلی مووچەی مانگی ئاداری مووچەخۆران و فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.

بەیارە سبەی پەنجشەممە دەست بەدابەشکردنی مووچە بکرێت و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دەڵێت، "ئەو مووچەخۆرانەی لەسەری پرۆژەی هەژماری منەوە مووچە وەردەگرن ئاستەوخۆ پارە دەخرێتە سەر هەژمارەکانیان و لەسەگای کورتنامەوە ئاگادار دەکرێنەوە".